پاپای فاتیکان داوای ئاگربەست وکۆتاییهێنان بە "سزادانی بەکۆمەڵ" لە غەزە دەکات



پاپا لیۆ چواردەهەم ئەمڕۆ چوارشەممە لەپەیامێکدا داوای ئاگربەستی هەمیشەیی لە غەزە و کۆتاییهێنان بە سزای بەکۆمەڵ و ئاوارەبونی زۆرەملێی فەڵەستینییەکان کرد.

پاپا لیۆ لە وتارێکدا سەبارەت بە قەیرانی مرۆیی غەزە و پیلانەکانی ئیسرائیل بۆ داگیرکردنی ئەو خاکە وتی، "داوای ئازادکردنی سەرجەم زیندانییەکان و ئاگربەستی هەمیشەیی لە غەزە و هاتنە ناوەوەی یارمەتییە مرۆییەکان و گەڕانەوە بۆ یاسا نێودەوڵەتییەکان دەکەم".

پاپا جەختی لەسەر پێویستی پاراستنی هاوڵاتیانی مەدەنی بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان کردەوە و ئاماژەی بەوەشکرد، دەبێت وەرانکارییەکانی غەزە بوەستێنرێن.

ئەوەشیخستەڕوو، یاسا نێودەوڵەتییەکان "سزادانی بەکۆمەڵ"، بەکارهێنانی هێز بەبێ کۆنترۆڵ و ئاوارەکردنی زۆرەملێی فەڵەستینییەکان قەدەغە دەکەن.